عەبدوڵڵا سەمەدی

# گیاخاو

**- نامەیەکی برایانە -**

برای شیرینم! لاپەڕەیەکی دیکەی دەفتەری بێسەر و بنی ژینم، بەهاری ئەمسالْ بە سەفەری کوێستانی (***بێنگوین***)ی ڕەش کردەوە. جێت چۆل نەبیّ، جێگات زۆر دیار بوو. بۆیە بیری تۆم کرد، چونکە بیرەوەری شەوی کوێستانی (***ئێرخاسان***) و خەوی بناری (***دووکانەسوور***)، شتێك نییە فلْچەی زەمان لە بیر و زەینمدا بیسڕێتەوە.

بەڵام بەهاری ئەمسالْ ڕەنگێکیتری هەیە. لە کاتێکدا پەڵەهەوری چاوەکانمان ئاوس و بە ڕەهێڵەیە، پەڵەهەورەکانی سروشت ئەستێور و نەزۆکن. لە باتی سروەی فێنك، باسریشکی حەسرەت، جار جار چەند دڵۆپی لە گوێن فرمێسك دادەکات و تینوێتی زەوی ناشکێنیّ هیچ، بەڵکوو پتری دەکا!

ڕووەکی ئەو کوێستانە، کە ساڵان فیستانی کەسکی نەورۆز بوو، ئەمسالْ هەزاران دەستی ئێسکن و لاوازی منداڵانەیە کە ڕوو بە ئاسمانی کەڕ و لالْ ڕادەژیّ و بێسوود و بەرهەم دەلالێتەوە.

نە ئاڵقەتیزی قۆشمە جەفەنگ و قسەی خۆشی پێیە و نە وەنەوشەی فەیلەسووف، پڕ بیر و خەیالاوی لە خوشینی ئاو دەڕوانیّ و نە ڕێواسی دلْتەڕ خەریکی جحێڵایەتییە. کوێستان بۆنی عەتری سیر و بەڕەزا و بەیبوونی لێنایا..!

لە گەڵ هاوکارانی خوێندنگە بووم. لە سەر لە بەیانییەوە وەدەرکەوتین و درەنگانی شەو گەڕاینەوە. لەو ڕۆژەدا چاومان بە تیشکی ڕۆژ نەکەوت. لە مژێکی خەستی تۆزاویدا، لە سەر بانی زەوی دانیشتبووین! ڕەنگە بڕوام پێنەکەی کە بڵێم؛ لەو بەرزاییە دەوروبەرمان بە کێوی وەها بڵێند گەمارۆ درابوو کە پەیژەی خەیاڵیشیان نەدەگەیشتیّ! تێیڕادەمای و دڕدۆنگ نەتدەزانی لەشن یا سێبەر؟! لە خۆت وەشك دەکەوتی، کە نوستووی یا وەخەبەر؟! بەڵام ئاخ ... خۆ تۆ باش دەزانی زەلیلی لە گەوران چەند بەژانە و داماوی و بێدەسەڵاتی لە کێو چ گران..!

زەوی! ئەو بووکە ڕەزاسووکە! نەویستە و نابەدڵ، لە پیرەمێردێکی نێوچاوان گرژ و جرپنی بیانی مارەکرابوو، و بە چەپڵەڕێزان دەیانبرد. ئەمن چی؟! زلحۆل و بێدەسەلات لێمدەڕوانی و زاتی گریانی بە ئاشکراشم نەبوو! لە دڵدا دەگریام.

خۆر! ئاوێنەیەکی تەلْخ و تۆزاوی بوو کە بە دەست بەربووکی زەمانەوە ڕوو وەو بووك ڕاگیرابوو. بووك، تارایەکی لە تەم بە سەردا دەخشا و شۆلاوکەی بەفراوی بە ڕوومەتدا دەخوشا.

لە سەر قەراری پێشوو، هەرکەسە ڕاخەری خۆی پێبوو. ڕاخەرمان لە تەنیشت یەك ڕاخستبوو و هەرکەس کاری خۆی دەکرد؛ یەك گۆشتی لە شیش دەدا، یەك باوەشێنی دەکرد، یەك لە سەر کانی ماست و ڕۆن و میوەی تاقەت دەکرد، و یەك خەریکی ئاورگی چالێنان بوو.

ئەمن ڕاکشابووم و لە خۆر ڕامابووم. تریفەی مانگ زۆر بە هێزتر بوو. لە بستوویەك ئاوا دەبوو و لە باسکێك سەرەتاسکەی دەکرد. نە چاوی کاڵ، نە قژی زەرد! تیشکەکانی تارابوو. بەڵام ئێمە و سروشت باش دەزانین ئاواتەکانمان وەبن گڵ دەین. وەبن گڵیان دەین بۆ ڕەگاژۆ. ئێمە هەر دوو بە چاو دەدوێین، لە بێدەنگیدا نەعرەتە لێدەدەین. داوە دەزووی ڕەگ و ڕیشە، چنگ لە زەوی دادەگرێ، دڵی بەردیش دەدۆزێ.

لە گەڕانەوەدا، ئێوارەیەکی درەنگ بوو کە لە ئاواییەکی جوان بە نێوی (***دوو چۆمان***) دابەزین. دوو چۆمان وەك هەتیوێکی بێناز پاڵی وەبنار دابوو و دەستی لە ئەژنۆ وەراندبوو.

بە کۆڵانێکدا داگەڕام. هەستم بە ئەوینێکی سەیر دەکرد؛ دار، دیوار، خۆڵ، بەرد، پەین، ئاژەڵ، خانوو، مرۆ... هەمووم خۆشدەویست. هەموو گۆرانی دڵدارییان دەگوت. لە ناو گڕدا، ڕەشبەڵەکی شایییان دەگێڕا. وەکی قوو، دوایین ئاوازی بەر لە مردنیان تێهەڵکردبوو. لای چەپم خانووی یەك نهۆمی لە تەختەبەرد بوو، و بن پێم سەربانی ماڵی جیرانەکان.

لەو بەهەشتە دزراوەم دەڕوانی و خەریكبووم تێیدا دەتوامەوە، کە دەنگێکی ناسك وەخۆی هێنامەوە؛

- کاکە، ماندوو نەبی!

کەس دیار نەبوو! کە ورد ڕوانیم، کچۆڵەیەکی بچووك پاڵی وە دیوار دابوو.

بۆی گەڕامەوە، داهاتمەوە و ماچم کرد. گوتم: بۆ خۆت ماندوونەبی. نێوت چییە؟

- گیاخاو!

گوتم: گیاخاو! دەگەڵم نایە شاری؟ کچێکم هەیە، ئەتۆش دەکەم بە کچی خۆم.

- نا، ئەتۆ کچەکەت بێنە ئێرە!

دەستم بە سەریداهێنا و گوتم: ئەگەر ئەوجار هاتمەوە، دەیهێنم.

ویستم بڕۆم، دەستە چکۆڵەکەی کردەوە، بادامێکی شینی لە دەستا بوو، گوتی: ها! ئەوە بۆ تۆ!

لێم وەرگرت. باقی ڕێگا لە ماشێندا نوقمی خەیاڵەکانم بووم. شێوەی پاك و بێتاوانی گیاخاو لە بەر چاوم لانەدەچوو.

*سەگ بە دەنگی خۆی دەوەڕێ، کەر بە دەنگی خۆی دەزەڕێ، بەڵام گیاخاو تیرۆریستە، تەجزییە تەڵەبە، ئاشووبگەرە، وەحشییە. مەترسییەکی گەورەیە بۆ ڕەوتی دێمۆکراسی و ئاشتی جیهانی...*

هەوا تاریكداهاتبوو، مینیبووس چراکانی هەڵکردبوو و بە کەند و کلۆی ڕێگای لادێدا ڕادەژا و بە دەنگی *مامڵێ*وە دەڕۆیی؛

ئای.. لە کانیئاسکان، کۆمەڵێك کیژ هاتنە خوار

تاقوجووت کەوتن، وەکوو ڕیزەی قورینگ بەستیان قەتار

کیژ بە عام هاتوونە سەرکانی، لە تاوان کۆر ئەبم
بۆچ نییە ئیمڕۆ عەزیزی من لە ناو کیژان دیار..؟

دەنگی گیاخاو بە نووزە شتێکی دەگوت، لێی تێنەدەگەیشتم. دەتگوت یەك دوو رستەیە و دووپاتی دەکاتەوە. پتر خورد بوومەوە، بە سەرسوڕمانەوە وەك فارسی بلێ وابوو! دەنگی ماملێ تا دەهات نزمتر دەبۆوە؛   من بە قوربانی قەدت بم بۆچی وا ڕەعنا...

دەنگی گیاخاو تا دەهات بەرزتر دەبۆوە، تا وایلێهات پڕ بە ماشێنەکە دەیگوت: مَن بادام دارَم. برادَرَم بادام نَدارَد. من بە برادَرَم بادام دادَم.

ماملی دەتگوت لە بنی چاڵاودا گۆرانی دەلێ، هەر دەهات و دەخنکا..

سەرم لە ڕێسمەی پەنجەرەی ماشێنەکە نا. کێوەکان لە تاریکیدا بەرزتر دەیاننواند. بایەکی توند بە دۆڵی قووڵ و کپدا هەڵێکردبوویە و داربییەکان دەیانناڵاند. چنار حاڵاتی گرتبوو و شۆڕەبییەك لە تاریکان، پرچی غەمەکانی بە دەستی با ئەسپاردبوو. ڕانە مەڕێك لە سەر جادەی بەر دەممان سەری لێشێوابوو و شوان شێتانە هەڕای دەکرد و بۆی خڕ نەدەبۆوە. سەگەکان بە دەنگی خۆیان دەوەڕین. بەڵام گیاخاو پڕ بە دۆڵ و چیا دەینەڕڕاند: مَن.. برادَرَم..بادام دادَم.. نَدارد.. دارَد..

دەنگێك وەخۆی هێنامەوە؛ *هەستە! گەیشتینە سەر جادەی ئیسفاڵت!*

خەوم لێکەوتبوو. چاوم هەڵێنا، شوتییان چاکردبوو. هاوڕێکان سەر و قاشێکیان بە دەستەوە بوو. بەشە شووتی خۆم وەرگرت، سارد و شیرن بوو. تەواو پێی هاتمەوە خۆ.

لە پەنجەرەی ماشێنەکەوە کەمێکم ئاو بە دەستمدا کرد و دەستی تەڕم بە دەموچاومدا هێنا و پاڵم داوە.

سەرم بە نەرمایی سەندەڵییەکەوە نا و گوتم: " گیاخاو! ئاخۆ چارەنووسی تۆ چییە؟ کەی دایك و باوکت تۆ ون دەکەن و شۆلاوکەی فرمێسك گۆنات دادەگریێ؟! یا کەی و بە دەستی چ کەسێ پەردەی ناموس و حەیات دەدرێ؟! ئاخۆ منداڵەکانت، نەوەکانت، سبەی بە چ زمانێك دەدوێن؟! تورکی، فارسی، عەڕەبی، یا زمانی کێهە وڵاتی ئەوڕووپا؟ گیاخاو! ئەمن سزاواری ئەو پێشکەشییە سەوزە نەبووم کە داتمێ. نێوچاوانی من شیاوی تفێکی تۆ بوو! "

شەوێ نوستم و حەسامەوە. بەیانی کە وەخەبەر هاتم، جامێك ئاو و نامەی تۆم لە بن سەر بوو. شەوێ بۆخۆم دامنابوو کە بەیانی لە حەسانەوەدا بیخوێنمەوە. قومێکم ئاو خواردەوە و پاڵمداوە و نامەکەی تۆم هەڵپچڕی. وەك هەموو نامەکانت بە کەڵك بوو. چەند لاپەڕەی گۆڤاری time تێدابوو، بە وەرگێڕانی فارسییەوە، لە سەر شۆڕشی باکوور نوسرابوو؛ " کۆمەڵێکی تیرۆریستن، کە ڕەوتی دێمۆکراسییان لە تورکیا خستووەتە مەترسی و چی و چی.."

من کە نێوچاوانم شیاوی تف بوو، تفێکم لە نێوچاوانی دێمۆکراسی کرد. بەڕاستی لەوەی کە لە کۆمەڵی ئادەمیزادا دەژیم، خۆم بە شەرمەزار و سەرشۆڕ دەزانم.

برات : عەبدوڵڵا